جۆرج بارکلی
پەی پێ بردن و ڕێبازی نامادییەت!

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)

١- لە هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی فەلسەفەدا، فەیلەسووفێک بەهۆی بابەتێک، پرسیارێک، کێشەیەک کە وروژاندبێتی و بەناویەوە تۆمار کرابێ، گرەوی بردۆتەوە و قۆناغەکە بەناوی ئەوەوە ناوبانگی دەرکردووە. فەیلەسووف و قەشەی ئینگلیزی بارکلی (١٦٨٥- ١٧٥٣ز) نموونەیەکی بەرچاوی کۆتایی سەدەی حەڤدە و ناوەڕاستی سەدەی هەژدەیە و ئەو ڕۆڵەی گێڕاوە. بارکلی لەو باوەڕەدا بووە کە بێ ئیمانی (کوفر و ئیلحاد) و گومانکاری و دوژمنایەتی کردنی ئایین سەرچاوەی سەرەکی هەڵەو چەوتی و کێشە سەختەکانی زانستن. بارکلی گوتوویەتی:

«لە هەر جێگایەک کێشەو سەختی زانست و هەڵە هەبوو، دەبێ لە ڕەگوڕیشەی گومان و (ئیلحاد) و دوژمنایەتی کردنی ئایین بکۆڵرێتەوە.(١)» ئەو ڕەگوڕیشەیە لە هەبوونی گەوهەری ماددییەت بەولاوە نییە! لەو تێکستەدا ئەو فەیلەسووفە لە بنەڕەتدا کە قەشەی کڵێسەی ئایینی مەسیحی، بوونی ڕێبازی گومانی بە مەترسی لەسەر زانست و بێ ئیمانی بە مەترسی لەسەر ئایین، بەرانبەر بە یەکتری داناوە و هەردووکیانی خستۆتە نێو تای یەک تەرازووەوە، ئەو بڕیارە سەرنج ڕاکێشە بە چ بنەمایەک پشت ئەستوورە؟ چۆن پاساو دەدرێتەوە؟ لە کایەی تیوری زانیندا چ ئەنجامێکی لێ دەکەوێتەوە؟ دەکرێ ئەو ئەنجامەی لێ کەوتبێتەوە کە دواتر بە ناماددییەتی ناوبراو ناسراوە؟

ئەو ڕەخنە ڕادیکاڵییەی لۆک لە توێژینەوەکانیدا، پشت ئەستوور بە زانستە ئەزموونییەکان لە میتافیزیکی بۆ ماوە و تیوری زانینی گرتووە لەسەدەی هەژدەدا، لەلایەن بارکلی و دواتر لەلایەن هیوم درێژەی پێ دراوە و پتر توندتر و ڕادیکاڵانەتر کراوە، تەنانەت لەلای بارکلی ڕەخنەکردنی زانینی ئیمپیری(٢) بۆتە مایەی پاساودانەوەی شایستەیی لاهووت! کەچی لەلای هیوم

نەک هەر میتافیزیک، بەڵکو فەلسەفەی بۆ ماوە بەگشتی بۆ سوود و قازانجی توێژینەوە زانستییەکان پاشەکشەی کردووە.

٢- ئەو هەڵوێستەی بارکلی کە بە سوود و قازانجی لاهووت و ئایینی کڵێسەی تەواو بووە، شتێکی چاوەڕوان نەکراو نەبووە، چونکە خۆی لە بنج و بنەڕەتدا ڕابەرێکی ئایینی بووە!

لە کایە و پاوانی تیوری زانیندا درێژەی بە ئاراستەکەی جۆن لۆک داوە و کۆشاوە ساغی بکاتەوە کە بۆچوونەکان (Ideas) بە شارەزایی ناوەکی (ناخ) و دەرەکییەوە بەندن و ئەوەی مرۆڤ دەیزانێ، تەنیا هەر ڕاستەوخۆ بۆچوونەکانن و هیچ دەربارەی شمەکی دەوروبەر نازانێ.

ئەو هیچ نەزانینە دەربارەی دەوروبەر گەیاندوویەتییە ئەو ڕادەیەی بوونی گەوهەری ماددییەت (مەتریالی) نا بکات، ئایا ئەو ناکردنەی ماددە دەکرێ وا لە خاوەنەکەی بکات بە کۆنەپارێز و ئایدیالیست و ئەنتی مەتریالیست دابنرێ؟ یان ئەو ناوانە ناتۆرەن ناحەزانی بۆیان هەڵبەستووە؟ باشە ئەنتی مەتریالیست خۆی لەخۆیدا چییە؟ بەچی لە پێچەوانەکەی جیا دەکرێتەوە؟!

- هیچ ئەگەر و گومانێک هەڵناگرێ کە بوونی شت لە خەسڵەت و تایبەتمەندی بەولاوە نییە، بەلای جۆن لۆکەوە ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانە دەکرێ سەرەکی بن، یان لاوەکی (بەرانبەر بە وشەی ئەڵەمانی Sekundär) ئەو جیاکردنەوەیەی خەسڵەتەکان لەکاتی خۆیدا بۆتە مایەی گازندەکردنی ئەو فەیلەسووفە، گوایە نەک هەر دەرگای لەبەردەم گومان خستۆتە سەر پشت، بگرە کەلەبەرێکی قووڵ و بەرینی لەنێوان زانین و جیهانی دەوروبەردا دروست کردووە! چونکە ئەو دابەشکردنەی خەسڵەتەکانی خستۆتە نێو پاوانی ئۆنتۆلۆجییەوە بەوەی هەندێکیانی کردووە بە گەوهەری ماددەیی هەندێک کەرەستەو بابەت و هەندێکی دیکەی کردووە بە خەسڵەتی خودی، بەلای بارکلی-یەوە ئەو جۆرە دابەشکردنە چەوت و چەواشەکردنە، بەوەش خواستوویەتی، بوون لە گەوهەری ماددەیی زەوت بکات! چونکە ئەگەر مرۆڤ باسی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکان Eigenschaften بکات کە بابەت و کەرەستەو شمەکەکان هەیانە، دەرفەتی بوونی بابەتەکان دەستەبەر دەبێ و ئەو بوونە پەسند دەکرێت، بەلای بارکلی یەوە خۆ ئەگەر مرۆڤ بتوانێ بیر لەو بابەتانە بکاتەوە، یان بەبیری خۆیاندا بهێنێ، دەبێ ئەو تواناییەی هەبێ لە بارەیانەوە چەند بیرۆکەیەک Ideen لە ناخیدا بنەخشێنێ، ئەمەش وا دەگەیەنێ کە ئەوان تەنیا لە خەسڵەتە سەرەکییەکان پێکبێن، ئیتر

جۆرج بارکلی

دەبێ مرۆڤ کۆی بیرۆکەکان وێنا بکات کە لە تێکڕای ئایدیای خەسڵەتە سەرەکییەکان دەکەونەوە(٣)، بەڵام وردبوونەوە و ڕۆچوون بەناخی دەروونداIntrospektion دەری دەخات و نیشانی دەدات ئەو کارە لە کردن نایەت، بۆ؟

٣- بە باوەڕی بارکلی ئەوی وای دابنێ کە ڕوخسار و وێنە و بزووتنەوە و خەسڵەتە سەرەکییەکانی دیکە کە بنەڕەتین، لە دەرەوەی گیان و دەروون لە گەوهەرێکی بیر نەکەرەوەدا بوونیان هەیە، دان بەوەدا دەنێ کە ئەو بڕیاردانە ڕەنگ و دەنگ و گەرمی و ساردی و خەسڵەتە لاوەکییەکانی دیکە ناگرێتەوە و بەسەریاندا جێبەجێ ناکرێ و بەو جۆرە نییە، لەدواییدا ڕوونی دەکاتەوە کە ئەوانە چەند هەست پێ کردنێکن تەنیا هەر لە گیان و ناخی دەروونیدا بوونیان هەیە! پابەندی چەند قەوارە و خەسڵەت و بزووتنەوەیەکی چەند بەشێکی بچووکی ماددەن و هەر لە ڕێگای ئەوانەوە دەروووژێنرین، ئەوان ئەمە بە ڕاستییەک دادەنێن کە بواری هیچ گومان لێ کردنێک نادات و لەو باوەڕەدان دەتوانن ئەمە بە وردی و دڵنیاییەوە ساغ و پشت ڕاست بکەنەوە، خۆ ئەگەر ئەمە وابێ و جێگای دڵنیایی لێ کردن بێت، ئەو خەسڵەتە بنەڕەتییانە لەگەڵ خەسڵەتەکانی دیکە کە دەکرێ هەستیان پێ بکرێ، یەکیان گرتووە و ناکرێ بە ڕێگای پەتی کردنیانەوە لە یەکتری دابڕێن و جیابکرێنەوە، بە ئاشکرا ئەوە دەکەوێتەوە ئەوان تەنیا هەر لەگیاندا Geist بوونیان هەیە، بارکلی گوتوویەتی:

من داوا دەکەم بە ناخی خۆیاندا قووڵ ببنەوە و تاقی بکەنەوە: ئایا دەتوانرێ بە ڕێگای پەتی کردنی بیرییەوە، کشان و بزووتنەوەی لەشێک بەبێ گشت خەسڵەتە هەستە پێکراوەکانی دیکە تێیان بگەیشترێ و پەیان پێ ببردرێ؟ من لەلای خۆمەوە هۆشیار و بەرچاو ڕوونم کە لە توانایيدا نییە بیرۆکەی لەشێکی کشاو و جووڵاوە بنەخشێنم و ڕۆبنێم بەبێ ئەوەی لە هەمان کاتدا ڕەنگێک، یان خەسڵەتێکی تری هەستەکی پێ ببەخشم کە هەر تەنیا، وەک دانی پێدانراوە، لەنێو گیاندا بوونی هەیە، بە کورتی: کشان، ڕوخسار (وێنە) و بزووتنەوەی دابڕاو و پەتی کراو لە هەموو خەسڵەتەکانی دیکە وێنا ناکرێ و ناکرێ بە بیردابێن، ئیتر لەو جێگایەی ئەو خەسڵەتانەی بە ڕێگای هەستەکانەوە دەکرێ بزانرێن و پەیان پێ ببردرێ، دەبێ ئەوانی دیکەش هەبن، بە تایبەتی لەنێو گیاندا و نەک لە جێگایەکی دیکەدا(٤) لەو تێکستەی بارکلی یەوە دوو خاڵ دەکەوێتەوە، ئەگەرچی تیوری زانین و میتافیزیک و ئۆنتۆلۆجی تێکەڵاوی یەکتری دەکەن، بەڵام بوونەتە مایەی کێشەو بەرەیەکی زەبەندە لەنێوان هزرمەند و فەیلەسووفەکاندا:

یەکەم: بوون پەی پێ بردنە: Ese est Percipi

دووەم: بوونی جیهانی دەوروبەر پابەندی خۆیەکە کە پەی پێ بەرێت ئەو بنەمایە لە هەندێک سەرچاوەدا بەنامادییەت ناوبراوە.

ئەگەرچی ئەو دوو خاڵە وابێنە بەرچاو کە تا ڕادەیەک سەربەخۆن و هەردووکیان دەچێتە خانەیەکی تایبەتییەوە، بەڵام هەردووکیان تەواوکاری یەکترین و تانوپۆی ئەو کۆشکە- جیهاندیدەن کە بە فەلسەفەی ئایدیالیستی خۆیی جۆرج بارکلی ناودەبرێت.

٤- لە ڕوو بە ڕووبوونەوەی بیرۆکەی هەندەکی و هەمەکی (گشتی) و پەتی (ئەبستراکت) بارکلی گەیشتۆتە ئەوەی بڕیار بدات کە بوونی شت کاتێک ساغ و پشت ڕاست دەبێتەوە کە لەلایەن خۆیەکەوە (مرۆڤێکەوە) بزانرێ و پەی پێ ببردرێ و بابەت و شمەکی جیهانی دەوروبەریش لە کۆی چەند بیرۆکەیەک (Collections of ideas) بەولاوە نین، ئەو دوو بڕیارە سەرسوڕهێنەرە چۆن کەوتوونەتەوە و پاساو دەدرێنەوە؟!

- بوونی بیرۆکەی هەمەکی (گشتی) پەتی پشت ڕاست ناکرێتەوە، ئایا دەکرێ بزووتنەوە لەخۆیدا وەک بیرۆیەکی هەمەکی پەتی بەبێ لەشێک کە دەبزوێتەوە بەبێ دیاریکردنی ئاراستەو خێراییەکەی وێنا بکرێت و بەبیر و بۆچووندا بێت؟! بیرۆکەیەک گشتی دەبێ کە لەکات و جێگا تاکەکانی گرتە خۆی و خەسڵەتی هەندەکی تاک دووری خستەوە کە تاکەکان لەیەکتری جیا دەکاتەوە، ئایا ئەو ئەنجامەی لەو پرۆسە ئاڵۆزەدا دەکەوێتەوە و بیرۆکەی هەمەکی (کوللی) ڕۆدەنێ، یان وێنەیەکی هەمەکی پەتی دەنەخشێنێ؟! ئایا دەکرێ ئەو بیرۆکە وێنەیە لە پەتی بردنی هەستەکیدا بوونی هەبێ، یان نا؟! بەلای منەوە بارکلی لەوسەرەوە هاتۆتەوە کە لەو باوەڕەدا بووە ناکرێ سێ گۆشەیەک، مرۆڤێک وێنا بکرێت و خەسڵەت و تایبەتمەندی(٥) هەندەکی (تاکی) خۆی نەبێ و لە ئەوانی دیکە جیای نەکاتەوە!

کەوابوو، بوون ئەوەیە کە پەی پێ ببردرێ و لە تێبینی و پەی پێ بردن و زانینی هەستەکیدا بوونی ئامادەیی هەبێ، بەکارهێنانی چەمکی «بوون» بۆ ئەو شمەکەی هەستەکی کە هەست بە بوونیان دەکرێ، ئەوە دەگەیەنێ کە من ببینم، دەستی لێ بدەم، هەست بە بوونی بکەم، بارکلی گوتەنی من لەسەر کورسییەکەم دانشتووم، مێزەکەم لەبەردەمم دایە و لەسەری دەنووسم، دەیبینم و دەستی لێ دەدەم، هەست بە بوونی دەکەم، بوونەکەی لە پەی پێ بردنی هەستەکانمدا هەیە و ئامادەیە و لەبەرچاو و دەستدایە.

خۆ ئەگەر هەستم و ژوورەکەم بەجێ بهێڵم و بچمە دەرێ، چی ڕوودەدات؟ وشەی «بوون» واتا و بوونی دەمێنێ؟! ئەو واتایەی جارانی دەمێنێ کە من لە ژوورەکەمدا لەسەری دەمنووسی؟ هەستم بە بوونی دەکرد؟ وێنەکەی بەچاو دەمبینی و لە مێشکمدا بوو؟

بوونی شت هەبوونی شمەک ئەگەر بە بیردا نەیەت و کار لە هەستەکان نەکا و نەیانوروژێنێ، بەهیچ جۆرێک لەو بوونە ناگەیشترێ، کەوابوو «بوونی شت، بوون ئەوەیە پەی پێ ببردرێ، هەستی پێ بکرێ و بزانرێ»(٦) ناکرێ و ناشێ و لەکردن نایەت «بوونێک» Dasein لە دەرەوەی ژیر و گیان، یان بەبێ بیرکەرەوەیەک هەبێت کە هەست بە بوونی دەکات و پەی پێ دەبات! کەوابوو، ئەگەر بوونی ڕاستەقینە ئەوەبێ هەستی پێ بکرێ و پەی پێ ببرێ، هەموو ئەو بابەت و کەرەستە و شمەکانەی هەست بە بوونیان دەکرێ و وشەی بوونیان بۆ بەکاردەهێنرێت بیرۆکەن و لە مێشکدا هەن! ئایا دەکرێ ئەو بیرۆکانە وێنە بن و لە دەرەوەی مێشک و گیاندا ئاماژە بە بابەتەکان بدەن؟

ئەگەرچی بارکلی لە چوارچێوەی جیهاندیدە فەلسەفەییەکەیدا، کە هەتا بڵێی سەرنجڕاکێشە و شایستەی ڕامان و بیر لێ کردنەوەیە، تیوری و زانین و میتافیزیکی زیرەکانە تێکەڵاوی یەکتری کردوون و بە ئاسانی لە یەکتری جیا ناکرێنەوە، بەڵام ئەو کێشەیە تاڕادەیەک کاڵ دەبێتەوە ئەگەر مرۆڤ بۆی ساغ بێتەوە کە چوارچێوە و پاشخانی جیهاندیدێک ئەو کەڵە

فـەیلەسـووفـە پەروەردە و پێگەیاندنە ئایینییـەکـەی کڵێسەی مەسیحییە، بۆیە پاشخانەکە لێرەدا لاهووتە نەک فەلسەفە!

٦- ئەگـەر مـرۆڤ بەچاوێکی وردبینانەی ڕەخنەگـرانە ئەو بیـرۆبۆچوونانەی ئەو فـەیلەسـووفـە هەڵبـسـەنگێنی، چەند ئەنجـامـێکی لێـدەکـەوێتـەوە، هەر لە سـەرەتای بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانییەوە مایەی بگرە و بەردە بوون و کێشەیان ورووژاندووە و پرسیاریان بەرپا کردووە.

ئایا بارکلی بەڕاسـتی گـومـانی لە بوونی جـیـهـانی هەڵکەوتی دەوروبەر کـردووە، یان مـەبەسـتی جـیـهـانی دیاردەکـان بـووە- Phänomen؟ دەکـرێ گـومـان لەو بیـرۆکـانە بکرێت کـە دەربارەی دەوروبەر کـەوتوونەتەوە؟ ئەگەر وەڵامەکە بە ئا بێت، ئەی ئەوان لە کوێوە هاتوون؟ دوور نییە بگوترێ ئەوان بەشێک لە ئەندێشە (فەنتازی) مـرۆڤ هەر لەسـەردەمی یۆنـانەوە زیندەوەری ئەوتـۆی وێنا کردووە کـە بە لەش ئەسـپـە و سـەرەکـەی سـەری مـرۆڤـە؟! ئەو پرسیـارە بە بنەمـای لۆجیک پشت ڕاست ناکرێتەوە، چونکە خـۆی لەخۆیدا بوون وەک گەوهەر سـاغ دەکـاتەوە! ئەگەر مرۆڤ و ئەسپ بوونی گەوهەریی (ڕاسـتەقـینەیان) نەبووبایە، ئەو وێنە دووڕەنگییە نەدەنەخشێنرا.

بڕوا نـەبوون بە بوونی مـادده، یان ئەگـەر بوون تەنیـا کـاتێک مـافی بوونی دەبێ کە پەی پێ برا و هەستی پێ کرا، دەکرێ سنوورەکەی فراوانتر بکرێت و بگوترێ:

چون بـارکلی لـەو سـۆنگەیەوە بـوونی هـێـزێکی سـەرووسـروشـتی، دەسـەڵات لە ڕادەبەدەر و سنوور بەزێن پشت ڕاست دەکـاتەوە، لە کـاتێکدا خـۆی باش زانیـویەتی کە هیچ هەستێک، بگرە ژیر خـۆیشی ڕاسـتەوخـۆ توانایی دیتن و پەی پێ بردنی ئەو هێزەیان نییە؟!

خـۆ ئەگـەر پەنابەرێتـە بەر ئەو بەڵگەیەی کـە دەڵێ بەهۆی بوونی کـار و بەرهەم و ئەنجـام و داهێنانەکـانەوە بـوونی داهێنەر پشت ڕاست دەکـرێتـەوە، دیسـانـەوە ڕەخنەکە لەسەری دێڕەوە دەست پی دەکـاتەوە: ئەوە نییە تۆ گـومـان لە بوونی ڕاسـتەقـینەی دەوروبەری هەڵکەوت دەکەیتەوە و تەنیا هەر بە چەند بیـرۆکەیەکی دادەنێی کە لە بارەی دیاردە دەرکەوتەکانیانەوە، نەک لە بارەی بوونی ڕاسـتەقـینەیانەوە، کەوتوونەتەوە؟! لێرەدا تەنیا یەک ڕێ تێـچـوون دەمـێنێـتـەوە: شـرۆڤـەکـردن و لێکدانەوەی بیـربۆچوون و جـیـهـاندیدی ئەو کەڵە فـەیلەسـووفـە لەو سـۆنگەیەوە کـە پێشـەکی شـرۆڤـەکـار بۆ لێکدانەوەکـەی هەڵیبژاردووە!

٧- نـکـولـی کـردن لە بـوونی مـادده، بە تـایبـەتی و جـیـهـانی دەوروبەر بەگـشـتی خـۆی لەخـۆیدا بڕیارێکی ناکۆک و چەواشەیە.

ئەو جـیـهـانەی بوونەکـەی دەخرێتـە نێـو دوو کـەوانەی گـومـان و دڵ کـرمێ بوونەوە هەر هەبووە و هەر دەمـێنێ، مـرۆڤ بیـەوێ و نەیەوێ جـیـهـان هەبووە و دوای پەیدابوونی مرۆڤیش ئەو جیهانە لەبووندا بەردەوام بووە، ئێـسـتـاش هەیە و لە دوا ڕۆژیشـدا هەر دەمـێنێ، ئەو هەڵوێسـتـە ناکـۆکـەی Paradox بارکلی لەگـەڵ ئەو چەمکەدا نایەتەوە کە فـەیلەسووفـەکەی پێش خـۆی جۆن لۆک بە «تێگەیشتنی ساغ و سەلیمی مرۆڤ»ی زانیوە!

ئەو پرسـیـارەی لێـرەدا بە بیـردا دێ و دوور نیـیـە وەڵامـەکەی بە سوود و قازانجی بارکلی بشکێتەوە: کە مـرۆڤ دەڵێ «بوون» باسی چی دەکـات؟ ئایا بوون خەسڵەت و تایبەتمەندییە Attribut، یان گەوهەرە Das Wesen، یان بیرۆکەیە Idea؟ هەریەکەیان بەجیا، یان هەرسێکیـانە پێکەوە؟ دەکرێ بگوترێ بوون یەک جۆرە، یان هەمەجۆرە؟

هەر لە سـەردەمی سپینۆزاوە ئەو بۆچوونە جێگیر بووە کـە پێناسـەکـردن لەخـۆیدا کـار و پرۆسـەیەکی نالەبارە، چونکە خەسڵەت لەپێناسەکراوەکە زەوت دەکات، ئەگەر بڵێی ئەو قوتابییە زیرەکە، یان ئازایە خەسڵەتێکی پێ دەبەخشی و خـەسڵـەت و تایبـەتمەندییـەکانی دیکەی لێ زەوت دەکەی و بێ بەشی دەکەی لێیان، ئایا ئەو ڕەوشە پێناسەی بوون دەگرێتەوە، یان نا؟

پشت ئەسـتـوور بە بنەمـاکـانی لۆجیک، کـانت لەلای خـۆیەوە ئەوەی زانیـوە و تیـشکی خسـتـۆتەسـەر، بوون خەسڵەت نییە بدرێ بە بوونەوەر، یان لێی زەوت بکرێ، بەڵکو گەوهەرە.

ئەگـەر مـرۆڤ باسی نابوون دەکـات، بوونەکـەی زەوت نەکردووە، بەڵکو تەنیا لە ڕستە و دەستەواژەی قسەکردن و دەربڕیندا بوونەکـەی «ناکـردووە»، ئەمـەش بەهیچ جۆرێک لێ ستاندنەوە و زەوت کردن ناگەیەنی.

- بـەلای بـارکـلـی-یەوە، بـەپێـی نـووسـراوە بڵاوکراوەکانی، بوون دەکرێ بە دوو جۆرەوە:

- بوونی هەست پێ کراو و پەی پێ براو.

- ئەو بـوونەی دەزانێ و هەست دەکـات و پەی بە شت دەبات!

خۆ ئەگەر گومان لە بوونی ڕاستەقینەی یەکەمیان بکرێ و بە چەند دیاردەیەکی دەرکەوت دابنرێ کە هەست پەیان پێ دەبات، ناکـرێ دووەمـیـان بخـرێتـە نێـو کـەوانەی گومانەوە، چونکە ئامرازی چالاکییەکەیە کە بە هەست پێ کردن، یان پەی پێ بردن دانراوە!

- لە بەشی یەکەمی شاکاری «توێژینەوەیەک لە بارەی بنەڕەتەکانی زانینی مرۆڤـەوە» بارکلی بەپێی «هەست و ژیر و ئەندێشـە» بوون و زانین دەکـات بە سێ بەشـەوە،

شت بە بیـرۆکـەو هەست کـە لەژیر- گـیـان-دا بوونیـان هەیە، بۆیە بیـــروبۆچوونی مـــرۆڤ لەلای خـــۆیانەوە (بوون)یان دەبێ کـــە لە هزردا پەیان بێ ببـــرێ و وێنا بکرێن، کەوابوو وشەی بیرۆکە ئاماژەیە بە بوون کە پەی پێ براوە، بارکلی گوتوویەتی:

ئەگەر مرۆڤ لە کەرەستە و بابەتی زانین ورد بێتەوە، بۆی ڕوون دەبێتەوە، کە لە سێ جۆر تێناپەڕێ:

- چەند بیرۆکەیەکی لە ئارادابووی لەنێو هەستەکاندا نەخشاون، یان:

- چەند شـتـێکن پەیان پێ دەبردرێ و دەزانن ئەگـەر بێـتـو ناخی دەروون و چالاکـیـیـەکـانی ژیر (گـیـان) بوروورژێنن.

- لە کـۆتاییـدا ئەو بیـرۆکـانە Ideen کـە بە ڕێگای وەبیرهاتنەوە و ئەندێشە ڕۆدەنرێن(٧).

بەپێی ئەو پۆلێن کردنە، بارکلی جیاوازی لەنێوان سێ ئاستی بوون و زانین دەکات کە هەریەکەیان تایبەتمەندی و کـایەی خـۆی هەیە و توندوتۆڵیش بەیەکـەوە بەندو هاوکارن:

- بوونی هەست پێ کـراو کـە بریتین لەو بیـرۆکـانەی لەنێو هەستەکاندا نەخشاون.

- بوونی ژیر کـە ئەو بابەتانەی پەیان پێدەبات بریتین لە چەند جۆری واتا، ئیتر ئەو ژیرە سنووردار بێ، یان بێ سنوور.

- بوونێک کە ئەندێشە ڕەنگی دەڕێژێ.

بارکلی بەو جۆرە هەڵاواردن و جیاکردنەوەیە مەبەستی بووە دەری بخات کـە بیـرۆکـەی هەست پێ کـراو شـتـە هەست پێکراوەکەیە کە کەرەستەی ڕاستەوخۆی پەی پێ بردنی هەستەکییە، بیرۆکەش بە هیچ جۆرێک وێنەیان کـۆپی بابەتی دەرەکی نـییـە، بەڵکو خـۆی بابەتەکـەیە، بیـرۆکـە لەخـۆیدا هۆکـاری هەیە، هۆکـارەکـەی و هۆکـاری هەموو شتە سروشتییەکان(٨) ڕەب خۆیەتی.

٨- لە چوارچێـوەی تیـوری زانین، دەکـرێ بیـروبۆچوونە کـێشـە ئامـێزەکـانی بارکلی بە جۆری جیـاواز شرۆڤـە و لێکبـدرێنەوە، بەگشـتی ئەو دەچێتـە نێو خانەی ڕێبازی تیـوری هاوردە هەستەکییەکانەوە، بەپێی ئەو تیـوریـیـە پەی پێ بردنی هەسـتـەکی و زانینی شـمـەکی جـیـهـانی ڕاستەقینەی دەوروبەر (دەرەکی) لە ڕێگای هەستەکانەوە دەبێ و ئەزموونیش ڕۆڵی خۆی لەو پرۆسەیەدا دەگێڕێ.

ئەوی مـرۆڤ ڕاسـتـەوخـۆ دەیزانێ و پەی پێ دەبات، شـمـەک و شـتی دەوروبەر نـیـیـە، بەڵکو بیـروبۆچوونی خۆیەتی، ئەوی ڕاستەوخۆ دەیزانی ئەو بیر و وێنانەیە کە لە بارەی شـتـەکـانەوە گـەڵاڵـەی کـردوون هەر بەو ڕێگایە شت دەزانێ، بۆچوونمان دەربارەی شمەکی ماددی جیهانی سروشتی دەوروبەر بریتییە لە کۆی ئەو بیـرۆکـانە، ئەو هاوردە هەسـتـەکـیـیـانە لە بارەی ئەو شـتـانەوە هەمـانە، شـتـیـک، لەشـیـک، بوونەوەرێک بوونی دەبێت کـە بەجۆرێک لە جۆرەکـان بزانرێ، هەست بە بوونی بکرێت، پەی پێ ببرێت! ئەو بڕیارانەش کە دەربارەی بوون دەدرێن و لە چوارچێـوەی دەسـتـەواژەی زمـانـدا دادەڕێژرێن لە بڕیاری پەی پێ بردنی هەســتـــەکی بەولاوە نین، ئەو پرسیـارە ڕەخنەییەی لێرەدا ئاراستەی بارکلی کراوە: ئایا ئەمە جۆرە ئەنتی ماتریالیستییەک نییە و ئەم ئەنجامەی لێ ناکـەوێتـەوە کـە شـتی دەوروبەری لەبەرچاو بزر ببێ و گومان لە بوونیان بکرێت؟ بارکلی لە وەڵامدا پێی لەسەر ئەوە داگـرتووە، ئەگـەر من ئەو شـتـانە نەبینم و پەیان پێ نەبەم، کـەسـانی تر هەن پەیان پێ دەبەن و دەیانزانن، بوونەکەشـیـان لەبیر و ژیری ڕەب-دا هەیە، ئەوی بارکلی هەست بە بوونی دەکـات و پێی لەسەر زانینی دادەکـرێ، جیهانی هەڵکەوتی ڕاستەقینە (ڕیالیستی) نییە، بەڵکو جـیـهـانی دەرەوەی دیاردە و ڕوخـسـارەکـانە Phä-nomenale. ئەو جیهانەی چۆن بۆمان دەردەکەوێ، چۆن دەیبینین و پەی پێ دەبەین. بەو پێیـە بوون لەخـۆیدا لە پەی پێ بردن بەولاوە، شتێکی دیکە نییـە! شتێک کە مرۆڤ هەستی پێ نەکات، دەبێ جیاوازی نێوان بوون و نابوونەکەی چی بێ؟ ئایا بوون خەسڵەتە و دەکرێ زەوت بکرێ و ببەخشرێ؟ هەر بوونەکە لە ڕستەیەکدا (ئا) و لەیەکێکی تر (نا) دەکرێ؟!

سەرچاوە:

1- Grorge Berkeley:. Eine Abhandluny über Menschlichen Erlenntnis. Meiner. Hamburg 2004. S.Vorwort. S. 3.

2- Wolfgang Röd:. Der Weg der Philosophie. Bd. II. Munchen 2009. S.85. ff.

3- Gottfried Gabriel:. Grundprobleme der Erlenntnistheorie. 3. Auflage. UTB. Paderborn 2008. S.103. ff.

4- George Berkeley:. Eine Abhandluny über die Prinzipien der menschlichen Erkenntanis. Meiner Hamburg 2004. Teil: 1. Para. 10. S.29-30.

5- George Berkeley.. Ebenda. Einführuny Para. 13.

6- George Berkeley.. Ebenda. Teil:1. Para. 3. S.26. ff.

7- George Berkeley.. Ebenda. Teil. I. Para. I. S. 25.

٨- د. فريال حسن خليفة: فكرة الألوهية في فلسفة باركلي. دار رؤية للنشر، القاهرة - ٢٠١٤، ص٥٧ وفي أماكن أخرى.

- هەروەها بڕوانە:

- Gottfried Gabriel:. Ebenda. S.109. ff.